# ژیان
# و
# گۆرانیەکانی
# سامی یوسف



عومەر ڕەشید

CamScanner

# ژیان و گۆرانیەکانی

## سامی یوسف

CamScanner

# ژیان و گۆرانیەکانی

## سامی یوسف

عومەر رەشید

CamScanner

- ژیان و گۆرانیەکانی سامی یوسف.
- عومەر رەشید.
- کتێبی یەکەمی بەرنامەی سەوقات – تەلەفزیۆنی کۆمەڵ.
- چاپی دووەم -٢٠٠٦-.
- تیراژ(1500) دانە.
- چاپخانەی شارستان.
- ژمارەی سپاردنی (١٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٦ی پێدراوە.



CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

## "تەنها دەنگە کە دەمێنێتەوە"

هونەر ئەوهەستە بێگەردو ئیستاتیکیەی مرۆڤە کە لەهەوڵی باشترکردن‌و جوانترکردنی ژیاندایە. هونەر فێرماندەکات هەستیارانەتر بژین‌و هۆشیارانەتر بیربکەینەوە. بەڕای هەندێک لە فەیلەسوفەکان هونەر ئەو شتەیە کە لەتوانایدا هەیە مەعریفەی مرۆڤ زیادبکات. لەم نێوەندەشدا هونەری میوزیک‌و گۆرانی، پانتاییەکی بەرچاوی ئەم جیهانە پڕ سیحرو جوانیەی داگیرکردووە، هەرچەندە ئەمڕۆکە هونەری میوزیک‌و گۆرانیش وەك زۆرێك لەهونەرەکانی تر خەریکە لەدنیای جیهانگیری‌و مۆدێرنیزەبووی ئێستادا ئەو ڕەسەنیەتی‌و جوانی‌و ڕۆحیەتەی خۆی لەدەستدەدات. بەڵام لەنێو ئەم ژاوەژاوو هەراو زەنایەدا جار جار دەنگێکی ڕەسەن‌و زوڵاڵ‌و ڕۆحانی دێتە بەرگوێمان‌و بەرەو دونیای ڕاستەقینەو پڕ ئێستاتیکیای هونەرمان دەباتەوە..

لێرەوە بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین لەمڕۆکەدا هونەرمەندی لاوی ئازەربایجانی سامی یوسف یەکێکە لەو دەنگە دەگمەنانە. ئەو هونەرمەندە بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی شەپۆلی ئاوازە دڵڕفێنەکانی

جارێکی دیکە بیابانی ڕۆحمانی پاراوکردەوە جارێکی دیکە بیستگاکانمانی لەگەڵ ئاوازو موزیکی ڕەسەنو دەنگیی ڕۆحهەژێنی خۆیدا ئاشتکردەوە. ئەو دەنگەی جارێکی دیکە ئەوەی بەبیر مرۆڤایەتیو دنیا هێنایەوە کە مێژووی شارستانیەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، مێژووی هونەرەکانە لەوانەش هونەری میوزیكو گۆرانی، نەوەك (تیرۆرو تۆقاندن!). دەنگو هونەری ئەم هونەرمەندە زیرەكو خاکیو بەرپاداره، تایبەت نییە بە سنوورو جوگرافیایەکی دیاریکراو توانیویەتی سەرجەم سنوورەکان ببڕێت. هەم سنوورە جوگرافیەکانو هەم سنوورە کلتوریو فەرهەنگیەکان. ڕازی ئەم سەرکەوتنەش بەرلەهەموو شتێك لەو پەیامە گەورەو بانگە خوداییەدایە کە هونەرمەند هەڵگریەتیو بانگەشەی بۆ دەکات. واتە پەیامی ڕزگاریو بەختەوەری سەرجەم مرۆڤایەتی ئەم خاڵە وایکردووە هونەرەکەی سامی یوسف نەجابەتێکی مرۆیی زیاتر تێدا بێت. هەروەکو عەلی عیزەت بیگۆڤیج دەڵێت "واتای کۆتایی هونەر بریتییە لەوەی کەکەشفی تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکان لەو کەسانەدا بکات کەوا ناڕەحەتی تەنگی بە ژیانیان هەڵچنیوە، وە کەشفی ئەو نەجابەتە مرۆییە بکات لەلای ئەو خەڵکە بچوکانەی کە لەخۆشیەکانی ژیان بێبەشکراون، بەکورتی کەشفی ئەو ڕۆحە مرۆڤایەتییە بەهایەکسانانە بکات لەناو هەموو بەشەریەتدا وە هەرکاتێك باری مرۆڤ دیندارانەتر بێت، ئەوا ئەو نەجابەتە مرۆییە زیاتر

رەنـگ دەداتـەوە تێیـدا" خـالێکی دیکـەی سـەرکەوتنی سـامی یوسـف دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕەهەنـدی مرۆڤدۆسـتانەی ئیشـەکانی. ئـەو دەڵێـت " مـن حەزناکەم تەنها گۆرانی بۆ بۆنەو یادەکان بڵێم" سامی یوسف گۆرانی بـۆ ئـازادی دەڵێـت بـۆ جـەژنو شـادیو ئـازارو کۆژانـەکانی مرۆڤایـەتیو بـۆ منداڵانی ڕوسیاو ئەسیوبیاو ڕەوەندا. بۆ سەرزەمینی داگیرکراوی فەلەستین بـۆ دایـك، ئـەو بـە هونەرەکـەی دژی تـیرۆرو جوداخـوازیو هـەڵاواردن لـە جیهانـدا دەوەسـتێتەوە، هـەروەها خـالێکی دیکـە دڵسـۆزیو ڕاسـتگۆییو عەشقی هونەرمەندە لەکارەکانیدا، بۆخۆی لەمبارەیەوە دەڵێت "هەرکارێك بـەوردیو لەبـەرخوا بکرێـت خـوای گـەورە بەرەکـەتی تێـدەخات" یـاخود "سەرکەوتنم بەهۆی نوری پێغەمبەرەوە بـوو (ﷺ)" ئەمـەو بـەرزی ئاسـتی هونـەریو کارامـەییو لێهـاتوویی سـامی یوسـف لەبوارەکـەی خۆیـدا لـە هەڵبژاردنی ئەو شێوازو ستایلەی کاری لەسـەر دەکـات ڕۆڵێکـی بەرچاوی بینییوە لەبەرەو پێشچوونو سەرکەوتنی ئەم هونەرمەندەدا. سـامی یوسـف لەگەڵ ئەوەی شارەزاییەکی باشی هەیـە لـەمقامو ئـاوازە ڕۆژهەڵاتیەکانـدا، زۆرێك لەگۆرانیەکانی بەشێوازی ڕۆژئاواییانە وتووە ئەمـەش کاریگەریـەکی زۆری هەبووە لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکە ئەو وڵاتانە وەك خۆی دەڵێت "لەلایـــەن مەســـیحیو بێباوەڕەکانیشـــەوە دەستخۆشـــیم لێکـــراوە" دروسـتکردنی ئـەم هاوسـەنگیە لـەنێوان کلتـووری ئیسـلامییو هونـەری



CS CamScanner

ڕۆژئاواییدا کارێکە تەنها لە بلیمەتێکی وەك سامی یوسف دەوەشێتەوە، ئەو بەتێپەڕاندنو شکاندنی ریتمو ستایلی کەسانی بەرلەخۆی شێوازێکی نوێو رۆحیەتێکی تازەی لەهونەری ئیسلامیدا هێنایەکایەوەو دەکرێت بوترێت هونەری ئیسلامیی لەو ریتمە باوو سواوە هێنایەدەرەوە کە تا هەنوکەش هێندێك گۆرانیبێژ دەقیان پێوەگرتووەو لەجیاتی خەڵك بەرەو هونەری ئیسلامیی بهێنن دەیانتۆرێنن. دەکرێت لێرەدا سامی یوسف بەهونەرمەندێکی باڵاخواز (کەمالگەرا) ناوبەرین ئەو کارەکانی لەوپەڕی جوانیو بەرزی ئاستی هونەریدا پێشکەشدەکات هەروەك خۆی دەڵێت "زۆر حەزدەکەم گۆرانیو مۆسیقاکانم لەوپەڕی تەواویدا بن" لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سامی یوسف هێشتا خۆی بەگەورە نابینێتو زۆر موتەوازیعانە دەڵێت "خۆم بەدڵۆپێك دەزانم لە بەحری سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونی مۆسیقا" لەبەرئەوەی سامی یوسف لەهونەرەکەیدا ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامی ئیسلامو خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەیی و (ﷺ) باسکردنە لە ئازارو خۆشەویستیو شادیەکانی مرۆڤ، ئەوەندە مەبەستی ناوبانگو دەرکەوتن نییە ئەو شتەی ئەمڕۆ بووەتە تاکە ئامانجی زۆرێك لە هونەرمەندەکان سامی یوسف دەڵێت "مەبەستم ناوبانگ دەرکردنو پارە نییە، چونکە ئەوانە هەمووی دەڕۆنو نامێنن" بەڵێ ئەم وتەیەی هونەرمەند

زۆر جوانه، هەموو شتەکان دەڕۆن و نامێنن بەڵکو دواجار "تەنها دەنگە کە دەمێنێتەوە*"

*دێڕە شیعرێکی فەروغی فەروخزادەیە.        سەروەر عومەر

# سامی یوسف

و. لە ئینگلیزییەوە: ئاواز ڕەشید - زانکۆی هەولێری پزیشکی

هونەرمەندو گۆرانیبێژی بە توانا سامی یوسف لە مانگی تەموزی سالّی ١٩٨٠ لە بنەماڵەیەکی ئازەری لە دایکبووە. سامی یوسف لە خێزانێکی هونەر دۆستدا گەورەبووە لەبەرئەوە هونەر بەتایبەت موزیك بەشێکی گرنگە لە ژیانیدا.

سامی مەشقی سەرەتایی لەباوکی وەرگرتووە، باوکی ناوبانگی جیهانی هەیە لە هۆنراوەداو شارەزایە لە چەندەها ئامێری مۆسیقیدا. سامی یوسف لە لەندەن گەورەبووەو لە تەمەنێکی کەمدا فێری بەکارهێنانی چەند ئامێرێکی مۆسیقی بووە لە پاشاندا ئارەزووی ئاوازدانانو گۆرانی وتنی بۆپەیدابووە.

سامی یوسف لەگەڵ چەند مۆسیقا ژەنێکی بەناوبانگدا مەشق فێربووە، چونکە یەکێکە لە قوتابی پەیمانگای ( Royal Academy of Music in London ) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین پەیمانگای موزیك لە جیهاندا. سامی یوسف یەکێکە لەو موسوڵمانانە لە خواترسانەی کە پێی وایە سرودی ئیسلامی بەمانای بەرزکردنەوەی بەرنامەی ئیسلام دێت وە گەنجە موسوڵمانەکان هاندەدات کە شانازی بکەن بە ناسنامەو دینەکەیانەوە. ئەم ئەستێرە گەشە لە هونەری ئیسلامیدا توانیویەتی پەیامە جوانەکەی بەگشت ڕۆژهەلاتو ڕۆژ ئاوادا بلاّوبکاتەوە. فەرموون ئێوەو دەقی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەم هونەرمەندەدا کە ماڵپەری ئیسلام ئۆنلاین لەگەڵیدا سازیکردووە:

+ ئێمە دەزانین کە تۆ باکگراوندێکی موزیکیت هەیە، ئەتوانیت کەمێك لەم بارەیەوە بدوێیت، ئایا کەی دەستت بەم هونەرەکردووە؟.

- بەڵێ، من لە خێزانێك پەروەردە بووم کە هونەر زۆر گرنگە لەلای، لەبەر ئەوە ئەمە ڕاستە ئەگەر بووترێت کە موزیك دەورێکی گرنگی هەیە لە ژیانمدا. من بنەماڵەکەم مۆسیقا ژەنن و دووبرازام و نزیکەی (٦٠) کەس لە خزمەکانم موسیقین، وە سوپاس بۆ خوا من باوکم گەورەترین هاندەرمەو لەهەمان کاتدا یەکەم مامۆستام بووە، باوکم فێری کردوم کە تەنیا هونەر بەس نییە، بەڵکو ڕەفتاری جوان و هەمووهونەرەکان گرنگن لە ژیاندا، زانست گرنگترین شتە لەسەر مرۆڤ کە فێری ببیت.

باوکم وتەیەکی فارسی زۆر جوانی فێرکردوم ( دست بالا دست بسیار است) واتە (دەستی بەرزتر لەدەست زۆرە) کە بەگشتی مانای ئەوەیە کە هەرچەندە کەسێك پێی وابێت کە زانیارییەکی زۆری هەیەو باشترین کەسە دەبێت بزانیت کە بێگومان کەسی لەوباشتر زۆرە، کەسانی لەو زاناتر زۆرن، بێگومان تەنها خوای گەورە زاناترینە وەکو خۆی لە سورەتی (یونس)دا ئەفەرموێت: ( و فوق كل ذي علم عليم).

باوکم فێری کردم کە تەنها لە خوا بترسم، چونکە تەنها ئەو پشتو پەنای باوەڕدارانەو ئەبێت هەموو کارەکانمان لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت.

+ ئایا ژەنین بەئامێرێكو خوێندن لە پەیمانگای ( Royal Academy of Music in London) ی بەناوبانگدا وای لە تۆ نەکردووە کە ببی بە کەسێکی کارامە لە

مۆسیقادا، ئایا تۆ ئامادەی کە ئەلبومێك یان پڕۆژەیەك بەرهەم بێنیت کە جەماوەری ناموسولّمان بۆ خۆت پەیدا بکەیت، یان کارەکانت تەنها بۆ جەماوەرە موسولّمانەکەتە؟.

- بەڵێ، من خۆم بەکەسێکی کارامە دادەنێم لە مۆسیقادا و لەبەرهەمهێناندا، چونکە من ماوەی شەش ساڵە لەم بوارەدا کاردەکەم، ئێستا پلان دا ئەنێم بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبومێك کە ئەتوانێت جەماوەری ناموسولّمانیش لە خۆی کۆبکاتەوە.. ئینشائەڵلا، داواکارم لە خوای گەورە هێزو توانام بداتێ بۆ ئیشکردن تەنها لە پێناو ڕەزامەندی ئەودا.

+ ئایا تۆ پێشبینی چ جۆرە دژوارییەك دەکەیت وەك هونەرمەندێکی موسولّمان کە لەبەریتانیادا دەژیت؟

- زۆرێك یا هەندێك لە برا هەن کە زۆر پێداگری لەسەر یەکلایەنی فیقهی دەکەنو ئەمەش وادەکات هیچ مانایەکی جوان لە دینەکەیدا پیشان نەداتو تەنها نارەزایی‌و ڕقلێبوونەوەی دەبێت بەرامبەر خەڵك.

ئێمە هەندێکجار فەرموودەی مامۆستای گەورەمان حەزرەتی موحەممەد ( درودی خوای لێبێ) لەبەردەکەین کە دەفەرموێت: ( من بۆ هیچ نەنێردراوم تەنها بۆ کامڵ کردنی ئەدەبو رەفتاری ئێوە نەبێت) لەفەرموودەیەکی تردا کە پرسیار کراوە لە باشترین موسولّمان دەفەرموێت ( باشترینتان ئەوەیە کە بەدەست و زمان ئازاری خەڵك نادات)، من وەك هونەرمەندێکی موسولّمان، لەسەر دینەکەی خۆمەوە بانگی خەڵك دەکەم بۆلای خوای بالادەست، ڕووبەڕووی

ئەو براو خوشکانەش دەبەمەوە کە ڕەخنە دەگرن بێ ئەوەی هەست بکەن‌و تەواو شارەزای دینەکەش نین کە ناسنامەیانە ڕەخنەکانیشیان هەندێکجار تەنها سارد کردنەوەیە.

+ تۆ لەپەیمانگای هونەری موزیکی ڕۆژ ئاوا خوێندوتە، بەڵام شارەزاییت هەیە لەسەر موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مەقام) ئایا پێت وایە ئەمە جیاوازییەکی ژانری موزیکی دروست دەکات، تۆ ئەم جیاوازییە چۆن دەبینیت؟

- بەڵێ بێگومان جیاوازی دروست دەکات، بەڵام بەمەبەستی ئەوەی ئیسلام بەناو ڕۆژئاواییەکاندا بڵاوبێتەوە بەشێوە جوانەکەی خۆی، دەبێت ئەم پەیامە بە شێوەیەك بگەیەنرێت کە لەگەڵ زمان‌و کلتور و کەلەپوری خۆیاندا بگونجێت. هەرچۆنێك بێت جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەم قسەیەی من ئەوە ناگەیەنێت بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بگەیەنین دەبێت بنچینەی باوەڕی خۆمان لەگەڵ ئەوان ڕێکبخەین، بێگومان نەخێر، هەموو شتێك دەبێت بە پێی شەرع بێت بۆ فێربوونیش دەبێت ڕێگای گەورەمان پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) بگرین.

+ تۆ پێت وا نییە، دەبێت موسوڵمانان زیاتر گرنگی بدەن بە موزیك‌و هونەرەکانیتر، ئەگەر بیانەوێت جەخت بکەنەوە لە گشتگیری دین‌و ژیان‌و شارستانیەتیان؟

- سوبحانە ڵلا ، بەتەواوی وایە، بەدڵنیاییەوە ، هونەر ( ئەگەر موزیك یان وێنە کێشان یان نواندن‌و هونەری بیناسازی و ... تاد) بێت هەمیشە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی شارستانیەتی ئیسلام.

مێژووی موسوڵمانان له جیهاندا بەهونەر ناسراوە وەك ( وێنە كێشان، موزیك، فەلسەفە، هونەری بیناسازی، هۆنراوە، پزیشكی، بیركاری و ... تاد ).
ئەمە بەشداریكردنێكە لە شارستانییەتی جیهاندا، كە بەفراوانی لە ئوممەتی موحەممەددا (درودی خوای لێبێ) دەبینرێت، هەرچەندە ئەمانە زۆر پێویستن لەناو موسوڵماناندا هەبن، بەڵام موسوڵمانە توندڕەوەكان زۆر بەكەمی ئەم هونەرانەیان تیادا دیارە، من پێم وایە بۆئەوەی ئیسلام بڵاوبێتەوە بەرۆژ ئاوادا كە ئینشائەڵڵا بڵاو دەبێتەوە، دەبێت بۆچونمان بەرەو پێشەوە بچێت و دەبێت ڕێگای دەمارگیریو توندی بشكێنین كە بووە بە كێشە.
+ ئایا دەتوانین موزیك بەكاربهێنین بۆ ڕێكخستن لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەكان؟
- بەڵێ دەتوانین، بەڵام دەبێت بەپێی شەریعەت بێت، بۆ نمونە، نابێت بێ ئابڕوویی‌و بێ ڕەوشتی لە خۆی بگرێت یان هەرشتێ كە دژی بنەماكانی ئیسلام بێت. پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت : ( هەموو دینێك خاسیەتی خۆی هەیە، خاسیەتی ئیسلامیش سادەیی‌و خاكی بوونە).
+ دەنگی چ سرود بێژێكت پێ خۆشە؟
- ئەوانەی دەنگیان بەلامەوە خۆشە دیارترینیان ( یوسف ئیسلام وداود وارینسیی علی)ە، بەڵام كاتێ دەمەوێت پشو بدەم گوێ لە (ئەحمەد بوخاتیر) دەگرم.
سەرچاوە : ئیسلام ئۆنلاین

## کورتەیەک لەبارەی ئەلبومی (ئوممەتی)

**و. نارام شوانی**

هەر لەوکاتەوەی کە لە بەرنامەی (الصناع الحیاة)و یەکەم بەرهەمی بە ناوی (مامۆستا)ەوە دەرکەوت چاوەکانی خرانە سەر، بەو پێیەی (سامی) یەکەم گۆرانی بێژی دینییە کە گۆرانی بۆ ئیسلام بڵێ، بەڵام گۆرانییەکانی لەسەر ڕیتمو شێوازی گۆرانی بێژەکانی پێش خۆی نەبوو، کە بەهۆی نەبوونی هیچ لایەنێکی هونەری تێیاندا خەڵك ڕای دەکرد لێیان.

ئێستا سامی ئەلبومی نوێی خۆی بە ناوی (ئوممەت) بڵاو کردوەتەوە کە ناتوانین بڵێین بەرهەمێکە تەنها لایەنی دینیی و چەند دوعاو لالانەوەیەکی لە خۆگرتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سامی یوسف لای خۆیەوە لەو چوارچێوەی دەرچووەو شێوازی خۆی گۆڕیوە، ئەمەش بۆ وریایی هونەریی ئەو دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە ئەم بەرهەمە نوێیە ئامانجی ڕاستکردنەوەو وەکو خۆی نیشاندانی وێنەی ئیسلامە کە لە جیهاندا شێوێنراوە، هەروەك ئامانجی ئاگادار کردنەوەی موسڵمانانە لەو حاڵەی ئێستا تیایدان.

(ئومەت) نهێنی گەلێکی لەخۆگرتووە لەوانە ڕەتکردنەوەی ئیسلام بۆ ئیرهاب‌و پاڵپشتی و هاوکاری کردنی ئەو موسڵمانانەی کە ڕووبەڕووی ئازاردان دەبنەوە، سامی یوسف لە سەرەتای ئەلبومە نوێیەکەیداو لەبەرگەکەیدای نوسیویەتی:" السلام عليكم، مۆسیقا بەخششێکی خوای گەورەیە دەتوانرێ بەکاربهێنرێ، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆکارێك مێژووی مۆسیقای ئیسلامی لای زۆرێك لە گەلانی ئیسلامی پوکاوەتەوەو لەدواوەیە، لەبەر ئەوە لەم ئەلبوومەدا هەستم بە واجبێك کرد لەسەرم تاکو ببێتە هەوڵی ئیجابی کۆمەڵگای ئیسلامی بۆ دەرخستنی وێنەی ڕاستەقینەی ئیسلام، کە ئاشتی و لێبوردەییە. هیوادارم کە ئەلبومەکە ئەو ئامانجە بەدەست بهێنێ، ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت".

ئەم بەرهەمە نوێیە (٨) گۆرانییە زۆرێکیان هۆنراوەو ئاوازی سامی خۆیەتی، دابەشکردنی مۆسیقای (٧) گۆرانیشیان یوسف خۆی دایناوە، هەموو گۆرانییەکانی ئەم ئەلبومە بە زمانی ئینگلیزین جگە لە چەند دانەیەکیان کە کۆپلەی عەرەبیشیان تێدایە، یەکەم گۆرانی ئەلبوومەکە بەناوی (ئومەت) (myummah)وەیە کە لە بەشێکیدا دەڵێ:" ئومەت، ئومەت... پێغەمبەر لە قیامەتدا وا دەڵێ سەرەڕای لاڕێی‌و لە ڕێگەکەی ئەو لادانمان .. براکانم، خوشکەکانم وەرن با پێشبڕکێ‌و کار بکەین لە پێناو گەڕانەوەی سەربەرزی بۆ ئەم ئومەتە". پاشان گۆرانی (حسبی ربی) کە تیایدا بە چوار زمان گۆرانی دەڵێ:" هیندی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی".

گۆرانی سێیەمی بە ناوی (موحەممەد) کە سامی بە منداڵانی بێسڵانی ڕوسیای پێشکەشکردووەو لە بەشێکی ئەم گۆرانییەدا دەڵێ:" پێغەمبەر منداڵانی خۆشدەویستو بە دەستەکانی هەڵیدەگرتن، هاوەڵەکانی فێر دەکرد کە ڕێزی گەورە بگرن، ئەی چۆن بە ڕەوای دەبینی کەمنداڵی بچووك بکوژرێ؟".

گۆرانی (بانگ بکە) (Make Prayar)، بە پلەی چوارەم دێت لە ڕیزی ئەم ئەلبوومەیدا لەم گۆرانیەیدا بانگەوازی هاوکاریو ڕێز لە نێو موسڵمانان دەکاتو دەڵێ" منداڵێکی بچکۆلە لە شوێنێك خەو بە ئاوی پاکی خواردنەوە نابینێ، خەو بەوەوە دەبینێ کە نەترسێ لوغمێك پیایدا بتەقێتەوە کە ئەو یاری دەکا، پێم بڵێن چی لە براکانمان بکەین لە دربانو لە دارفۆر.. ئەی خەڵکینە ئێوە کەڕنو قسە ناکەنو نابینن؟ ئێمە داوای خۆشەویستیو ئاشتیو داداگەری دەکەین. یارمەتیمان بدەن تا دەرچین لەم تاریکییە، پێم بڵێن چی بکەین لە براکانمان لە ئەسیوپیاو لە ڕەواندا..".

دوای ئەم گۆرانییە یەکێکی تر لە گۆرانیەکانی دێ کە بۆ جەژنی وتوەو ناوی (Eidsong) گۆرانی جەژنەو تیایدا دەڵێ:" لێگەڕێن باگوێ بگرین ئەمرۆ ڕۆژی جەژنە.. منداڵان پۆشاکی نوێ دەپۆشن.. دەمو چاویان خەنداویو گیرفانیان پڕ لە حەلوایە". شەشەم گۆرانی بە ناوی (FRee) (ئازادی) یەکێکە لە بەهێزترین گۆرانییەکانی ئەم ئەلبومەی سامی یوسف، کە ناوەرۆکەکەی باس لە ئافرەتێکی باڵا پۆش دەکا هەر کاتێك ڕووبەڕوی ئازارو نارەحەتی دەبێتەوە لە دەرەوە لەبەر ئەوەی باڵا پۆشە، دەڵێ:" کاتێك سەیرم دەکەی.. دەستەکانمو قژم

داپۆشراون دادەنیشیێو لێم دەڕوانیێ .. تۆ دەزانی کەمن لاشەو دەستەکانم دیارنین، بەلاّم پێویستە بزانی لە پشت ئەم حیجابەمەوە هەستو نەستم هەیە، لەبەر ئەوە شوناسنامەمەو شانازیشی پێوە دەکەم.. بۆ لێم قبولّ ناکەی؟ بۆ نەتوانم من خۆم بم؟، تۆ باس لە دیموکراتی دەکەی... بەلاّم تۆ ئازادی لە من دەدزی.. هەموو ئەوەی من دەمەوێ یەکسانییە.. بۆ ناهێڵی من ئازاد بم؟ ئەی خوشکم من ئەم گۆرانیە بۆ تۆ دەڵێم، من زۆر دەربارەی تۆ دەزانم.. چۆن نارەحەت دەبیتو لێبوردەیت بەرامبەر بەو کەسانەی پێت پێدەکەنن؟".

گۆرانی هەشتەمو کۆتایی ئەم ئەلبومە گۆرانی (Mother) (أمی) واتە (دایك)ە، چەند گۆرانیەکی تر هەن، بەلاّم ئەمانە تەنها لەسەر سی دی بلاّو کراونەتەوە واتە لە شریتی تەسجیل دا نین وەکو (NOT To Cryty). لەم گۆرانیەدا سامی یوسف تیپی مۆسیقای (Oatlandish)ی بەشداری پێکردووە کە سەرجەم ئەندامانی ئەم تیپە موسڵمانن.

بە گشتی ئەلبومەکەی سامی یوسف بەرهەمێکە هەڵگری پەیامێکی مەدەنیانەیە لە چوارچێوەیەکی هونەریو مۆسیقی زۆر باشدا. کە تێکەڵەیەك لە مۆسیقای پاڕانەوەی ئایینی سادە (کە ئامێری مۆسیقی زۆر لە خۆ ناگرێ)و دابەشکردنی مۆسیقی کلاسیکی کە پشتی بەستووە بە ئامێرە مۆزیکیەکانی وەکو پیانۆو کەمان.

# پادشاه وه کون هێ ، الله ... الله

نایف ئاسوده/ هەولێر

ناوی تـەواوی (سـامی یوسـف)ە، لـەمانگی (٧)ی سـاڵی (١٩٨٠) لـە وڵاتـی (بەریتانیا) لە بنەماڵەیەکی بەرەچەڵەك ئازەری لـەدایك بـووە، بـاوکی لـەوڵاتی (ئازەربایجان) لەدایك بووەو پاشان کۆچی کردووە بۆ وڵاتی بەریتانیا.

لـە سـاڵانی سـەرەتاییدا، مۆسـیقا تـوانی پانتاییـەکی گـەورە لـەژیانی ئـەو هونەرمەندە داگیر بکا، بنچینەو لقـە سـەرەکییەکانی مۆسـیقاش لـەلای بـاوکی فێربوو، کە باوکی ناوبراو ئاوازدانەرو مۆسیقا ژەنو شاعیرێکی ناسـراوو گـەورە بوو کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر کوڕەکەی پەیدا کرد.

سەرەتا (سامی) دەستی کرد بەمۆسـیقاژەنینو هـەموو ئـامێرێکی دەژەنـی، تـا وای لێهـات کارامـەییو شـارەزاییەکی باشـی پەیـدا کـرد لـەژەنینی هـەموو ئامێرەکان بەشێوەیەکی زانستی ڕێكو پێك.

کاتێك تەمەنی بوو بە (١٨) ساڵ، سامی موسڵمانو گـەنج، بـەهۆی کارامـەیی بـەرزی لـە ئاوازدانـانو ژەنـین تـوانی بـە پلـەی زۆر بـاش خوێنـدنی ئـەکادیمی

پادشایی بۆ مۆسیقا لە لەندەن تەواو بکات، دیدی فراوانیو تێگەیشتنی قووڵی لە یاساو بنچینەکانی مۆسیقا، کرانەوەی بەڕووی ڕۆشنبیری مۆسیقای وڵاتان، بەتایبەتی مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاواییو مەقامی عەرەبیو ئیقاعاتی توركی، گوێگرتن لە گۆرانی فارسیو ئازەربایجانیو هێندیو پاکستانی، لەگەڵ ئەو دەنگە زوڵاڵو ناسکەی توانییان موعجیزەیەکی ڕاستی لە ئاسمانی ئاوازی ئیسلامیی دروست بکەن.

بۆیەکەمجار ناوبراو لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٣) ئەلبومی یەکەمی سروودەکانی بەناوی (معلم) (مامۆستا) بڵاوکردەوەن کە سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەی بۆ خۆی بەدەستهێنا.

لەنێو ئەلبومەکەیدا سروودی (المعلم) سەدایەکی زۆری پەیدا کردووە کاتێکیش کردی بە کلیپو لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبیو بیانییەکان پیشاندرا زیاتر تامەزرۆیانی هونەری ئیسلامییو خەڵکی تری بۆلای خۆی ڕاکێشاو پێی سەرسام بوون.

سروودی (المعلم) ئاوازو هۆنراوەکەی خۆیەتی، هۆنراوەکەی پێکهاتووە لە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی، بەڵام پێش هەموو شتێك مۆسیقاکەی ئاراستەی ڕۆحەکان دەکاو دەیاندوێنێ، ئەمانە هەمووی هۆکاربوون بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە لەنێو جیهانی عەرەبیو ئیسلامیی بەخێرایی بڵاو ببێتەوە.

سامی یوسف بەهاوکاری دەرهێنەری بەتوانا (هانی اسامة) لە ڕێگای کۆمپانیای (awakening musc)ی ئیسلامیی سروودی (معلم)ی کلیپ کرد،

سیناریۆیەکی جوانیشی بۆ دارِشت، چیرۆکی نێو کلیپەکە باس لە وێنەگرێکی فۆتۆگرافی دەکات کە سروودبێژ بەخۆی رۆڵی پاڵەوانێتییەکە دەبینێت، کە هەر هەموو دیمەنەکان منداڵو گەورەکان فێری رەوشتو ئادابی ئیسلامی دەکات، لەدیمەنێکدا وێنەگر پێش ئەوەی بۆسەر کارەکەی برِوات دەستی دایکی ماچ دەکات، لەدیمەنێکی تر وێنە گرەکە یارمەتی کەسێکی کوێر دەداتو لەرێگادا دەیپەرِێنێتەوە، پاشان بەرەو مزگەوت بەرِێدەکەوێت بۆ خوێندنی نوێژ کە منداڵان لە دەروبەری کۆبوونەتەوە نوێژیان لەگەڵ دەکات، کە ئەوانیش دواجار هێمایە کە پێویستە منداڵەکانمان لەژیاندا مامۆستاو چاوساغێکیان هەبێت فێری رەوشتی جوانی ئیسلامییان بکات، هەروەها مامۆستاو پێغەمبەرمان ﷺ ئێمەی فێری یاساکانی نێو ئیسلامی پیرۆز کرد.

بەرهەمی یەکەمی سامی یوسف وەکو باسمان کرد پێکهابوو لە (٨) سروود کە ئەمانەن:

١ـ مامۆستا ـ AL-Mualim.

٢ـ کێ خۆشەویستە؟ ـ is The loved One who?

٣ـ ئەشکەوتی حەرِا ـ The Cave of hira.

٤ـ الله ـ Allahu.

٥ـ دروستکەر ـ The Creator.

٦ـ بەهیوابوون ـ Meditation.

٧ـ یا مستەفا ـ ya Mustaffa.



CS CamScanner

٨- پاڕانەوە ـ suppli cation.

پاش بڵاوبوونەوەی بەرهەمی یەکەم، ناوبراو چەند ئاهەنگێکی سازکرد کە زۆربەی زۆریان لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان بوون، وەکو وڵاتانی (بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیاو فەرەنساو کەنەدا)، هەروەك گەشتێکی کرد بۆ شاری (کوالالامبور)ی پایتەختی (مالیزیا) لەمێژووی ١٧/٦/٢٠٠٤.

کۆتا ئاهەنگیشی لە قاهیرەی پایتەختی میسر ئەنجامدا کە جەماوەرێکی ئێجگار زۆر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، لەمیانەیدا جوانترین کاری مۆسیقاو ئەدای پیشکەش کردو جەماوەری میسری سەرسام کرد، سەیرترین ڕووداویش لەکاتی ئاهەنگەکەدا ئەوەبوو کە کەسێك هەستایەوەو دەستی کرد بەڕژاندنی فرمێسکی شادیو موسڵمانبوونی خۆی لەسەر دەستی (سامی یوسف) ڕاگەیاندو وتی: بەڕاستی زۆر سەرسامبووم بە وشەکانی نێو سروودەکانو توانییان کاریگەری لەسەر بیروباوەڕم دروست بکەنو ئەم بڕیارە بدەم.

زۆر کەس دەڵێن (سامی) زیاتر مەبەستی کۆکردنەوەی پارەو سامانە بەهۆی ئەو بەرهەمانەیەوە، بەڵام لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ گۆڤاری (شباب الیوم)ی ئیماراتی وتی: منو براکەم ستۆدیۆیەکی گەورەی مۆسیقاو دەنگمان هەیە لە لەندەن، باوکیشم خاوەنی چەندەها پرۆژەی سەرکەوتووە، بۆیە ئێمە هیچ کاتێك مەبەستمان کۆکردنەوەی پارە نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر شتێك بەدەست بهێنین ئەوا حەڵاڵەو حەرام نییە، هەر ئەم گۆڤارە پرسیارێکی تری ئاراستەی کرد، کاتێك وتی: ئایا هونەرمەند (سامی یوسف) حەزدەکات

گۆرانی (ڕۆمانسی) بلێت، وەڵامی دایەوەو نەخێر، بەڵکو تەنها گۆرانی ئاینی دەڵێم، ئەمەش مەبەستم لە کەمکردەوەی بەهای ئەم جۆرە گۆرانیانە نییە، بەڵکو من گۆرانی ڕۆمانسیم خۆش ناوێت تەنها گۆرانی ئاینی نەبێت، وتی هەرچەندە گۆرانیبێژەکان وەکو (موحەممەد عەبدولوەهاب و فەرید ئەلئەترەش) توانییان بۆ هونەر کاری جوان بکەنو گۆرانی عەرەبی بەرەوپێش ببەن، بەڵام بەداخەوە بۆ کارەکانی ئێستا ناتوانم ناوی بنێم (گۆرانی).

سامی یوسف، پاش سەرکەوتنی لە بەرهەمی یەکەمیدا، ئەمجارەیان هەوڵیدا کە بەرهەمێکی باشتر بڵاو بکاتەوە، ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵدا بەرهەمێکی تری بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (امتی) (My Ummah) کەپێکهاتبوو لە (١٠) سروودی ئیسلامیی کە هەریەکەیان لەوپەڕی بەرزی کاری مۆسیقاو ئەداو وشە خۆیان دەبیننەوەو بەدڵنیاییەوە توانییان کاریگەری لەسەر جەماوەرو عاشقانی هونەری گۆرانی ئیسلام دروست بکەن.

ئەمەش ناوی گۆرانییەکانە:

١ـ ئومەتەکەم ـ My Ummah.

٢ـ موحەممەد ﷺ ـ Muhammad (pbuh).

٣ـ نوێژ بکە ـ Make apreyer.

٤ـ گۆرانی جەژن ـ Eid song.

٥ـ سەربەست ـ Free.



CS CamScanner

٦- دایە - Mother.

٧- هەوڵبدە نەگری - Try not to cry.

٨- خودام بەسە - Hasbi rabbi.

٩ - موناجات - Munajat.

١٠- هەرگیز مل کەچ ناکەین - We Will nere submit.

کاتێك بەرهەمی دووەمی بڵاو کردەوە، زۆر لە کەناڵە ئاسمانییەکان پەیوەندییان بە هونەرمەندەوە کردو داوای بەرهەمی تازەیان لێکرد، پاشان هونەرمەند سروودی (حسبی ربی) کردە کلیپ کە ئەم گۆرانییەی بەچوار زمان وتووە، (ئینگلیزیو هیندیو تورکی عەرەبی) کە مەبەست تیایدا ئەوەیە جیاوازی نییە لەنێوان زمانو ڕەنگ ئەگەر بێتو بەڕاستیو تەواوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان وەرگرتبێ.

کلیپی گۆرانی (حسبی ربی)یش سەدایەکی زۆری دایەوەن کە ئەویش هەمان دەرهێنەری گۆرانی (معلم) (هانی اسامە) بوو.

دەقە ئینگلیزییەکەی نێو سروودەکە هونەرمەند بەخۆی لەگەڵ شاعیری ناودار (بارا خەریجی) نووسیویەتی، بەڵام دەقە عەرەبییەکەی (شێخ زەکردیا صدیقی) نووسیویەتی، ئاوازەکەشی کاری هونەرمەند خۆیەتی کە تا ئاستێك کاریگەری مۆسیقای ئازەر بایجانی لەسەرە.

سامی یوسف ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە، خێزانەکەشی موسڵمانەو بەرەگەز ئەڵمانییەوە، ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی لە شاری بەریتانیا ژیان بەسەر دەبەن،

هیوای تەمەن درێژیو کاری جوانترو نایابتر بۆ هونەرمەند دەخوازین، ئەگەر دەتانەوێ زیاتر ئەم هونەرمەندە بناسن ئەوا سەردانی سایتی تایبەت بەخۆی بکەن بەم ناونیشانە:

www.samiyusf.com

## ژیانو گۆرانیەکانی سامی یوسف

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە عومەر رەشید

باوکم شاعیرو ئاوازدانەرو مۆسیقیەکی بەناوبانگە، ئەمەش وایکردووە لە خێزانێکی مۆسیقیدا پەروەردەببم، موزیك ببێتە بەشێکی ژیانم، ئەمەش بەهۆی مامۆستایەتی باوکم بوو لەهەموو گۆشەکانی ژیانم لەرەوشتو دینو مۆسیقا ..تاد، من بەرچەڵك مسولمانێکی ئازەریمو لەلەندەن گەورەبووم زۆر دڵخۆشم بە هاوڕێکانم لە جالیەی مسولمان لە بەریتانیاو هەموو ئەوروپادا، پەروەردەو گەورەبوونم لەئەوروپادا مەرج نییە سروشتو خورەوشتیان بگرم، ئەو رەوشتانەی دژی مەبادیئی دینو مرۆڤایەتین بەمشێوەیەش لە ئەوروپادا مرۆڤگەلێکی باش هەن کە خۆیان دووردەگرن لەرەوشتە ناپەسندەکانو پابەندی دینە ئاسمانیەکانن، بەڵێ بگەڕێمەوە سەر باسی ژیانی مۆسیقیم، ماوەی هەشت نۆمانگێ چوومە (پەیمانگای پادشایی مۆسیقی) لەلەندەن لەوێ هەستم دەکرد گرفگیم پێنادەنو لەگەڵ

من ناگونجێ، هەرلەبەرئەوە لەوێ وازمهێنا پاشان دەستمکردەوە بەخوێندن لای زۆرێ مامۆستای شارەزاو ئێستاش لە زانکۆی (سارسوورد) لە (مانچستەر) دەخوێنم، ئەگەر دەشپرسن لە پەیوەندیم بە مۆسیقای رۆژهەڵاتیەوە دەڵێم: مۆسیقای کلاسیکی و شەرقی و مقامات و وەزیفەکانی و پەیوەندی هەندێکیان بە هەندێکیانەوە هەمووی لە باوکمەوە فێربووم، پاش ئەمەش ڕێم لەزۆر مامۆستای باش کەوتووە شارەزا لە مۆسیقای مقاماتی رۆژهەڵاتی، بەردەوامیش دەبم چونکە ئەم زانستە وەك هەموو زانستەکانی تر تەواو نابێ بەردەوام پێویستی بەخۆفێرکردنە، لەبەرئەوە گوێ بۆ هەموو جۆرە مۆسیقایەك دەگرم شەرقی و غەربی، کامیان بۆ مەجالی من بگونجێت زیاتر گرنگی بەوە دەدەم، گوێش دەگرم لە دەنگ و مۆسیقای کلاسیك، لەسەروو هەموو ئەمانەوە بۆ حەوانەوەی دەروون و جەستەم گوێ لە قورئان دەگرم، قورئان مۆسیقا نییە، بەڵام جوانترین دەنگ و وشەیە کە رۆح ئاسوودە دەکات، قورئان خاوەنی کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەرە ئەگەرچی بەدەنگیشەوە نەخوێندرێت، گوێبگرە بۆ هونەری تەجویدو مەحاریجی پیتەکانی، بۆ مەسەلەی بوونم بەگۆرانیبێژ ئەوە بریارێکی لە پێشینەم بۆ نەدابوو وە هەرگیز بیرم لێنەکردبووەوە بەڵام لەبەرخواو ئیسلام بەئەرکی سەرشانم زانی، من بڕوام وایە هەرکارێك بەوردی و لەبەرخوا بکرێت خوای گەورە بەرەکەتی تێدەکات،

من کاتێ دەستمدایە ئامادەکردنی گۆرانی (معلم) زۆرجار لەپرۆڤەو وێنەگرتندا دەگریام، لەبەرئەوەی دەمویست خۆشەویستیم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەربڕم، تا ببێت بە ڕوناکیەك دڵەکات ببڕێت، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانی (معلم) نامەی دەستخۆشی زۆرم پێگەیشت، تەنانەت لەلایەن گاورو مولحیدەکانیشەوە کە باسیان لەکاریگەری گۆرانی (معلم) دەکرد لەسەریان، سەرکەوتن لەم گۆرانیەش ناگەڕێتەوە بۆ (سامی) نەخێر من هەر تەنها هەمزەیەکی وەصڵ بووم، بەڵکو سەرکەوتنەکە بەهۆی نووری پێغەمبەرەوە بوو (ﷺ)، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من خۆم بەشەرەفمەندو دڵخۆش دەزانم کەبەشێ بووم لەو ئیشە، من هەموو دەم و لەهەموو کارێکدا خۆم بەهونەرمەند زانیوە نەك گۆرانیبێژ، بۆیە خۆم بەدڵۆپێ دەبینم لە بەحری سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی مۆسیقا.

بۆفێربوون لە ئیسلام و سیرەتی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) سوودم لەزۆر مامۆستا وەرگرتووە، ئەوەشی وەرمگرتووە دەمەوێ خەڵکی بۆ بانگ بکەم، نەك وەك تەبشیریەکان بەڵکو من وەك هونەرمەندێ خەڵك لە پێناسەکەم دەگەیەنم کە ئیسلامە، ئەمەش جێگەی شانازی منە، گۆرانیەکانم شاهێدی ئەوەن کە واعیزێك نیم تاوەکو وەك تەبشیریەکان کاربکەم، ووشەکانم واعیزی نین بەڵکو جوانیەتی ئیسلام دەردەخەن.



CamScanner

زۆر حەز دەکەم فێری زمانی عـەرەبی بـبم، لای مـنو هـەموو مسـڵمانان زمانی عەرەبی تایبەتمەندیەکی هەیە، چونکە بەشێکی فراوانـە لـە ژیـانی ئیسلامو نوێژو زیکرو قورئان عەرەبییە، بۆیە زانینـی زمـانی عـەرەبی بـۆ هەموو مسوڵمانان گرنگە.

لەوانەیـە پرسـیار بکرێـت دوودڵنیـت لـە بڵاوبوونـەوەی بەرهەمـەکانت لـە ئەوروپادا، نەخێر من زۆر گەشبینم چونکە ئەم کـارەم بـە واجبـی سەرشـانم زانیوە. لـە رۆژی بڵاوبوونـەوەی بەرهەمـەکانم تـا ئێسـتا بـەهیچ شـێوەیەك قەلەق نیم بەڵکو زۆر دڵخۆشم، مـن گـۆرانی (معلم)م هەیـە بـۆ وەسـفی پێغەمبەر (ﷺ) چونکە محەممەد (ﷺ) مرۆڤێکی ئێجگـار مـەزن بـووە وشـە ناتوانێت بەس بێت بۆ وەسـفی، تەنانـەت کەسـایەتییە نامسـوڵمانەکانیش وەك رۆژهەڵاتناسـەکانو لێکۆڵـەرەوەکان بەوشـەی گـەورەو جـوان وەسـفی پێغەمبەریان (ﷺ) کردووە، وتویانە: ئەگەر لـەم رۆژگارانـەدا محەمـەد (ﷺ) زیندووبوایـە، هـەموو کێشـەکانی دنیـای چارەسـەر دەکـرد لـە چـەند دەقیقەیەکدا یان لەچەند چرکەیەکدا، ئەو پیاوێکی زۆر مەزن بووە، ئـەوەتا مێژوونووسێکی جولەکە دەڵێت" ئەگـەر بمانـەوێت بـەرێز سـەد کەسـایەتی هەڵکەوتووی دنیا دیاری بکەین، ئەوا محەممەد (ﷺ) لە پلەی یەکەمدا دێـت لە ڕووی کاریگارییەوە".

لەم پێگەیەوە دەڵێم کەسەرکەوتنم لـە گـۆرانی (معلـم)دا شـەرەفێکی زۆر گەورە بوو بۆ من زۆرتـرین کاریگەریشـی هـەبوو، ئـەوە دەربـارەی گـۆرانی (معلم).

دەربـارەی گـۆرانی (دایـك)یـش دەڵـێم: دایـكو بـاوك لەهەموودینێکـدا ڕێزلێگیراون بەتایبەتی لـە ئیسـلامدا، ئـەمڕێزەش زیـاتر لـە دایکگـیراوە، پاڵنەری وتنی ئەم گۆرانیەش مردنی دایکی (نبيل العظيمي) بوو، کاتێ لە ژیاندا بوو هەموو جارێك دەیوت سامی کوڕی چوارەمە، وەك کوڕەکانی خۆی خۆشـی دەویسـتم، توشـی شـێرپەنجە بـوو پاشـان هەربـەو نەخۆشـییە کۆچی دواییکرد ئەمەیە هەوێنی ئەم گۆرانیە، پاشان زۆر لەگەنجان دەبیـنم خـراپن لەگـەڵ دایـكو باوکیانـدا مـن خـۆم زۆر دایـكو بـاوکم خۆشـدەوێ بەتایبەتی دایکم، خوای گـەورە تەمـەنی هـەموو دایکـەکان درێـژ بکـات، هەندێ لەوانەی ڕێزی دایكو باوکیان ناگرن، ئەوە دەکەنە بیانوو کە دایكو باوکیـان خـراپن لەگەڵیـدا مـن پێموایـە خۆشویسـتنی دایـكو بـاوك بـێ شەرتو مەرجە دڵنیام ئەوانـەی لەگـەڵ دایـكو باوکیانـدا بـاش نـین کاتـێ دایكو باوکیان دەمرن ئەودەمە پەشـیمان دەبنـەوەو دەڵـێن" بریـا بمانایـەو چـاکەم لەگـەڵ بکردنایـە، یـان گـەردنیان ئازادبکردمایـە" بـەڵام ئەمانـە هیچیان سودیان نییە بەکورتی گـۆرانی (أمـي) بـۆ ڕێـزو خۆشەویسـتییە بەرامبەر دایكو باوكو نامەیەکی ئیسلامییشە بۆ جیهان.



CamScanner

من به دڵنیاییەوە لەبازنەو چوارچێوەی ئیسلامدا کاردەکەم، بە پەیوەست بونم بە ئیسلامەوە، شتی زۆر سەیرو سەمەرە دەبیستم لەوانە گوایە من بەهۆی مامۆستای بەرێز (عەمر خالید)ەو ئیسلامم ناسیوەو خوای گەورە هیدایەتی داوم، یان ئەو سەرپەرشتیاری کارەکانمە، دەڵێم نەخێر، بەڵام مامۆستا عەمر خالید مامۆستایەکی بەرێزو خۆشەویستە من زۆر بەکەمی پێی گەیشتووم زۆریش گوێ بۆ وتارەکانی دەگرم، ئەتوانم بەگشتی لەمەبەستەکەی بگەم، هەرچەند تەواو لە عەرەبی تێناگەم، مرۆڤ کاتێ دەموچاوی ئەو مامۆستا بەرێزە (عەمر خالد) دەبینێ دەزانێ کەسێکی خواناسو موبارەکە، خوای گەورە بیپارێزێ.

پاشان من پێم وایە مانەوەی ئیسلام خۆی لەخۆیدا موعجیزەیە سەیربکە زۆرێ لەدەسەلاتو شارستانیەتە گەورەکان هەرەسی هێناوە وەك شارستانییەتی چینو رۆمو هندو..تاد، بەڵام ئیسلامو شارستانیەتییەکەی، هەر ماوەتەوە، دیارە ئەمەش بەهۆی هەڵگرتنی بیروڕای جیاوازو یەك وێنەنەکێشانە بۆ مسوڵمانان، من ئەو زاراوەیەش بە خەتەرێکی گەورە دەزانم کە بەهەندێ مسوڵمانی وەك من بوترێت مسوڵمانی عەسری، ئەو کات لەبەرامبەر ئەمەدا مسوڵمانی رەجعیو دواکەتوو ناوزەد دەبن، کە ئەمە زۆر هەڵەیە من بەشانازی دەزانم کە ئەندامێکم لەم ئوممەتی ئیسلامە، لە مسوڵمانانی جیهان، منو مەلاین مسوڵمانی وەك من هەیە، من

من به دڵنیاییەوە لەبازنەو چوارچێوەی ئیسلامدا کاردەکەم، بە پەیوەست بونم بە ئیسلامەوە، شتی زۆر سەیرو سەمەرە دەبینم لەوانە گوایە من بەهۆی مامۆستای بەڕێز (عەمر خالید)دو ئیسلامم ناسیوەو خوای گەورە هیدایەتی داوم، یان ئەو سەرپەرشتیاری کارەکانمە، دەڵێم نەخێر، بەڵام مامۆستا عەمر خالید مامۆستایەکی بەڕێزو خۆشەویستە من زۆر بەکەمی پێی گەیشتووم زۆریش گوێ بۆ وتارەکانی دەگرم، ئەتوانم بەگشتی لەمەبەستەکەی بگەم، هەرچەند تەواو لە عەرەبی تێناگەم، مرۆڤ کاتێ دەموچاوی ئەو مامۆستا بەڕێزە (عەمر خالد) دەبینێ دەزانێ کەسێکی خواناس و موبارەکە، خوای گەورە بیپارێزێ.

پاشان من پێم وایە مانەوەی ئیسلام خۆی لەخۆیدا موعجیزەیە سەیربکە زۆرێ لەدەسەڵات و شارستانیەتە گەورەکان هەرەسی هێناوە وەك شارستانییەتی چین و رۆم و هندو..تاد، بەڵام ئیسلام و شارستانیەتییەکەی، هەر ماوەتەوە، دیارە ئەمەش بەهۆی هەڵگرتنی بیروڕای جیاوازو یەك وێنەنەکێشانە بۆ مسوڵمانان، من ئەو زاراوەیەش بە خەتەرێکی گەورە دەزانم کە بەهەندێ مسوڵمانی وەك من بوترێت مسوڵمانی عەسری، ئەو کات لەبەرامبەر ئەمەدا مسوڵمانی رەجعی و دواکەتوو ناوزەد دەبن، کە ئەمە زۆر هەڵەیە من بەشانازی دەزانم کە ئەندامێکم لەم ئوممەتی ئیسلامە، لە مسوڵمانانی جیهان، من و مەلاین مسوڵمانی وەك من هەیە، من

مسولمانێکی تاوانبارم غەرق بووم لە دەریای تاواندا، خەڵك من ناناسێ خوای گەورە لەهەڵەکانمان ببورێ، من ئەندامێکی ئەم ئوممەتەم نەك پێشەنگ، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە هەر کارێك بە وردیو بۆ خوا بکرێت خوای گەورە سەرکەوتووی دەکات، کەسانێکی باشی بۆ سازو ئامادە دەکات، من خۆم لەلەندەنم، گۆرانی (معلم)م لە میسر وتو ئامادەم کرد بەهۆی ناسینی دەرهێنەری مەزن (هانی ئوسامە)وە بوو کە بەڕاستی هاوڕێیەکی ئەزیزو دەرهێنەرێکی بەتوانایە، زۆریشم خۆشدەوێ لەبەرئەوەی خواو پێغەمبەری (ﷺ) خۆشدەوێ.

(هانی) دەرهێنەرێکی سەرکەوتووە هەرلەبەرئەوە من تەواوی کارەکانم دابووە دەستیو ئەوەی ئەو دەیوت بەقسەم دەکرد، چونکە متمانەم پێی بوو بەمشێوەیە خوای گەورە کۆمەڵێکی کردە یارمەتیدەر بۆ ئەم گۆرانیە هەمووشارەزاو خەمخۆر، لەکاتی وێنەگرتنو کارکردندا زۆرێکیان دەگریان بەبیستنی گۆرانیەکە، کارمەندەکان گوێی پارەیان نەئەدا زیاتر سەرکەوتنی کارەکەیان بەلاوە مەبەست بوو، خۆشم مەبەستم ناوبانگ دەرکردنو پارە نییە چونکە ئەوانە هەمووی دەڕۆنو نامێنن، بە پێچەوانەوە من زیاد لە پێویست پارە ئامادەدەکەم بۆ گۆرانیەکانم بۆ نموونە ئەگەر گۆرانیەك پێویستی بە (٢٠٠)هەزار دۆلار بێت من (٤٠٠)هەزار دۆلاری بۆ ئامادەدەکەمو حەزیش دەکەم بتوانیایە ملیۆنێك دۆلاری بۆ ئامادە بکەم،

زۆر حەزدەکەم گۆرانیو مۆسیقاکانم لەوپەڕی تەواویدا بن، گۆرانی (معلم) ئالەتی مۆسقی زۆرم تیا بەکارنەهێنا بەڵام لەگۆرانیە تازەکەمدا (حسبی ربی) باشترین مۆسیقا ژەنەکان لە عازفە رۆژئاواییی عەرەبو تورکو هندیەکان کاری مۆسیقیان بۆ کردووم، من هەرگیز بۆ بۆنە تایبەتیەکان گۆرانی ناڵێم، بۆ نموونە ئەگەر رەمەزان هات بڵێت ئادەی سامی گۆرانی بڵێ. بگەڕێمەوە سەرباسی (حسبی ربی)و تەواوی ئەلبومە تازەکان، پێچەوانە بەگۆرانی (معلم) مۆسیقای تەواوم تیادا بەکارهێناون حەزیشمکردووە کەمتر بە سرودی ئیسلامی بناسرێن بە پێچەوانەی (معلم)ەوە، ئەلبومە تازەکەم گۆرانی (ئازادي) تێدایە کە زیاتر باس لە بالاپۆشی خوشکان دەکات بەتایبەتی خوشکانمان لەفەرەنسادا، وە گۆرانیەك بۆ جەژنو شێوازی هەڵسوکەوتی برایانەی مسوڵمانان لەو رۆژەدا، پاشان گۆرانی بۆ (فەلەستین) گۆرانیەکیشم بەناوی (ئیرهاب)ەوە وتووە، کە دەبینی زۆر لە ئافرەتانی شیشان بێوەژنکراون، یان ئەوانەی ئیسلام بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردەهێننو کوشتار دەکەن.

تائێستاش لەگۆرانی (أم)و (حسبی ربی) بەشێوەیەکی بەرچاو عەرەبیم بەکارهێناوە، وتنی عەرەبی ئاسانترە بەلامەوە لەتورکی، کە زمانی دایکمە، تورکی ۹۰٪ی تێدەگەم بەلام بەلامەوە قورسە لەبەکارهێناندا، زۆریش حەزدەکەم فێری زمانی عەرەبی ببم، لەگۆرانی (حسبی ربی)

عەرەبیم بەکارهێناوە ئەم گۆرانیە ئاوازەکەی فۆلکلۆری ئەفغانیەو، بەچوار زمان‌و لەچوار وڵات وتومە، تا بەخەڵکی بڵێم مسوڵمانان جیاوازیان نییە، تابڵێم ئیسلام دینی بەختەوەرییە بە پێچەوانەی کەسانێك واتێگەیشتوون کە ئیسلام مرۆڤەکان کۆت دەکات‌و دەیانچەوسێنێتەوە، دوای تەواو بوونی ئەم ئەلبومە تازەیە ماوەیەك پشوو دەدەم‌و زیاتر خۆم خەریك دەکەم بەلایەنی رۆحیەوە بە قورئان خوێندن، هەوڵیش دەدەم لەم پشووەدا زیاتر خۆم شارەزا بکەم لەزمانی عەرەبیدا، لەکۆتاییشدا دەڵێم: گەورەترین ئاواتی من پارێزگاری مسوڵمانانە لە شارستانییەتییەکەیان‌و پابەندبوونیانە بە دینەکەیانەوە.

"کورتکراوەی چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ هونەرمەند، لەلایەن کەناڵی مەزیکە -وە"

## چوار لەگۆرانیە بەناوبانگەکانی

و. ئاواز رەشید ... زانکۆی هەولێری پزیشکی

تێبینی/ ئەو دێڕە ئینگلیزیانەی کە نەکراونەتە کوردی تەنها مانای دێڕە غەیرە ئینگلیزیەکانن، کە لە پێشیانەوە کراونەتە کوردی ..



CamScanner

## Mu'allimماموٚستا

We once had a Teacherئێمە ماموٚستایەکمان هەبوو

The Teacher of teachers,ماموٚستای ماموٚستاکان

He changed the world for the better جیهانی گۆڕی بەباشتر

And made us better creatures,وە ئێمەشی کردە دروستکراوێکی باشتر

Oh Allah we've shamed ourselvesئەی خوایە ئێمە شەرم ئەکەین

We've strayed from Al-Mu'allim,ئێمە گومڕابووین بە ماموٚستاکە

Surely we've wronged ourselvesبەدڵنیاییەوە ئێمە هەڵەبووین

What will we say in front him?چی بڵێین لەبەردەمیدا؟

Oh Mu'allim...ئای ماموٚستا

Chorus کۆرس

He was Muhammad salla Allahu 'alayhi wa sallam, ئەو (محەمەد) بوو

دروودی خوای لێبێت

Muhammad, mercy upon Mankind, محەمەد ، رەحمەت بۆ هەموو

مرۆڤایەتی

He was Muhammad salla Allahu 'alayhi wa sallam, ئەو (محەمەد) بوو

دروودی خوای لێبێت

Muhammad, mercy upon Mankind, محەمەد ، رەحمەت بۆ هەموو

مرۆڤایەتی

Teacher of all Mankind. مامۆستای هەموو مرۆڤایەتی

Abal Qasim [one of the names of the Prophet] باوکی قاسم (ناوێکی

پێغەمبەرە)

Ya Habibi ya Muhammad ئەی خۆشەویستەکەم ئەی محەمەد

(My beloved O Muhammad)

Ya Shafi'i ya Muhammad ئەی تکاکارم ئەی محەمەد

(My intercessor O Muhammad)

Khayru khalqillahi Muhammad باشترین دروستکراوی خوا محەمەدە

(The best of Allah's creation is Muhammad)

Ya Mustafa ya Imamal Mursalina ئەی هەڵبژاردە ئەی پێشەوای

مسوڵمانان

(O Chosen One, O Imam of the Messengers)

Ya Mustafa ya Shafi'al 'Alamina ئەی هەڵبژاردە ئەی تکاکاری جیهانەکان

(O Chosen One, O intercessor of the worlds)

He prayed while others slept ئەو نوێژی دەکرد کاتێ ئەوانی تر خەوتبوون

While others ate he'd fast, کاتێ ئەوانی تر نانیان دەخوارد ئەو بەڕۆژوو بوو

While they would laugh he wept کاتێ ئەوان پێدەکەنین ئەو دەگریا

Until he breathed his last, تا دواهەناسەی

His only wish was for us to be تەنها خۆزگەی ئەوەبوو بۆ ئێمە

Among the ones who prosper, کە لەیەکەم هەڵبژاردەکان بین

Ya Mu'allim peace be upon you, ئەی مامۆستا سەلامت لێبێ

Truly you are our Teacher, بە ڕاستی تۆ مامۆستای ئێمەیت

Oh Mu'allim.. ئەی مامۆستا

Chorus کۆرس

Ya Habibi ya Muhammad ئەی خۆشەویستەکەم ئەی محەممەد

(My beloved O Muhammad)

Ya Shafi'i ya Muhammad ئەی تکاکارم ئەی محەممەد

(My intercessor O Muhammad)

Ya Rasuli ya Muhammad ئەی نێردراوەکەم ئەی محەممەد

(O My Messenger O Muhammad)

Ya Bashiri ya Muhammad ئەی مژدەدەرم ئەی محەممەد

(O bearer of good news O Muhammad)

Ya Nadhiri ya Muhammad ئەی ئاگادارکەرەوەم ئەی محەممەد

(O Warner O Muhammad)

'Ishqu Qalbi ya Muhammad خۆشەویستی دڵم ئەی محەممەد

(The love of my heart O Muhammad)

Nuru 'Ayni ya Muhammad نووری چاوم ئەی محەممەد

(Light of my eye O Muhammad)

He taught us to be just and kind ئەو فێری کردین کە دادپەروەرو باشبین

And to feed the poor and hungry, وە خواردن بدەین بە هەژارانو برسیەکان

Help the wayfarer and the orphan child یارمەتی رێبوارانو منداڵە هەتیوەکان بدەین

And to not be cruel and miserly, وە توندوتیژو ئازاردەر نەبین

His speech was soft and gentle, وتەکانی نەرمو نیان بوو

Like a mother stroking her child, وەك دایکێك کە ئامۆژگاری

مندالّەکەی دەکات

His mercy and compassion, میهرەبانیو بەزەییەکەی،

Were most radiant when he smiled درەوشاوەترین بوو لەکاتی

پێکەنینیدا

Chorus کۆرس

Abal Qasim [one of the names of the Prophet] باوکی قاسم (ناوێکی

پێغەمبەرە)

Ya Habibi ya Muhammad ئەی خۆشەویستەکەم ئەی محەممەد

(My beloved O Muhammad)

Ya Shafi'i ya Muhammad ئەی تکاکارم ئەی محەممەد

(My intercessor O Muhammad)

Khayru khalqillahi Muhammad باشترین دروستکراوی خوا محەممەدە

(The best of Allah's creation is Muhammad)

Ya Mustafa Ya Imamal Mursalina ئەی هەڵبژاردە ئەی پێشەوای

مسوڵمانان

(O Chosen One O Imam of the Messengers)

Ya Mustafa ya Shafi'al 'Alamina ئەی هەڵبژاردە ئەی تکاکاری

جیهانەکان

(O Chosen One O intercessor of the worlds



CamScanner

## My ummahئومەتەکەم

My ummah, my ummah ئومەتەکەم، ئومەتەکەم

He will say دەڵێت

Rasulullah on that day ڕەسولولڵا لەو ڕۆژەدا

Even though we've strayed from him and his way هەرچەندە ئێمە

گومڕابووین بە ئەوو بە ڕێگەکەی

My brothers, my sisters, in Islamبراکانم، خوشکەکانم، لە ئیسلامدا

Let's struggle, work, and prayبا کۆشش بکەین، کاربکەین و بپاڕێینەوە

If we are to ئەگەر دەمانەوێ

Bring back the glory of his wayشکۆمەندی بگەڕێنینەوە بۆ ڕێگەکەی

CHORUS: کۆرس

Ya Allah ya rabbal ‘alamin ئەی ئەڵڵا پەروەردگاری جیهانەکان

Ya rahmanu ya rahim ئەی میهرەبانو بەخشندە

Ya rabbi ئەی پەروەردگارم

O Allah Lord of the Worlds
O Merciful and Beneficent
O my Lord

Let the Ummah rise again با (ئوممەت) دووبارە بەرزبێتەوە

Let us see daylight again با دووبارە گزنگ ببینینەوە

Once again دووبارە جارێکی تر

Let’s become whole again با دووبارە یەکبین

Proud again دووبارە شانازی بکەین

’Cause I swear with firm belief in our hearts ئەتوانم سوێندبخۆم، بەهۆی

ئەو باوەڕە توندەی لە دڵماندا هەیە

We can bring back the glory of our past ئەتوانین شکۆمەندی رابردوو

بگەڕێنینەوە

My ummah, my ummah ئومەتەکەم، ئومەتەکەم

He will say ئەڵێت

Rasulullah on that day رەسولوڵڵا لەو رۆژەدا

Even though we strayed from him and his way هەرچەندە ئێمە

گومڕابووین بە ئەوو بە ڕێگەکەی

Look at where we were سەیربکە ئێمە لەکوێ بوین

And look at where we areوە سەیر بکە (ئێستا) ئێمە لەکوێین

And tell me وە پێم بڵێ

Is this how he'd want it to be?ئایا ئەوە بوو کە ئەویست ببێ؟

Oh no! Let us bring back our glory ئای نەخێر! با شکۆمەندیمان

بگەڕێنینەوە

## Hasbi rabbi پەروەردگارم بەسە

O Allah the Almighty ئەی ئەڵڵا ئەی بە توانا

Protect me and guide me بمپارێزەو ڕێنموویم بکە

To your love and mercy بۆ خۆشەویستیت و میهرەبانیت

Ya Allah don't deprive me ئەی ئەڵڵا ڕێگەم لێمەگرە

From beholding your beauty

O my Lord accept this plea ئەی دەسەڵاتدار ئەم پاڕانەوەیەم وەرگرە

CHORUS: کۆرس

Hasbi rabbi jallallah پەروەردگارم بەسە بۆ من، شکۆمەندی بۆ خوا

Ma fi qalbi ghayrullah هیچ نیە لە دڵمدا جگە لە خوا

My Lord is enough for me, Glory be to Allah
There is nothing in my heart except Allah

CHORUS کۆرس



CamScanner

Hindi: هیندی

Wo tanha kaun hai? کێ تەنهایە؟

Badshah wo kaun hai? کێ پاشایە؟

Meherba wo kaun hai? کێ میهرەبانە؟

Who is the only One?
Who is the King
Who is the Merciful?

Kya unchi shan hai? کێ سوپاسکراوترین و بەخشندەترینە؟

Uskey sab nishan hai چ شتێك دەبینی لەم جیهانەدا نیشانەی ئەوە

Sab dilon ki jan hai خۆشەویستی هەموو رۆحێکە

Who is the most praised and benevolent?
Whatever you see in this world is His sign
He's the love of every soul

CHORUS کۆرس

Turkish: تورکی

Affeder gunahi بەخشندەی گوناهەکانە

Alemin padisahi پاشای بوونەوەرە

Yureklerin penahi پەناگەی دڵەکانە

He is the Forgiver of all sins
He is the King of the universe
He is the Refuge of all hearts

Isit Allah derdimi, bu ahlarimi ئەی ئەڵڵا گوێبیستی دەردو ئاهەکانم بە

Rahmeyle, bagisla gunahlarimi بە میهرەبانیت گوناهەکانم ببەخشە

Hayreyle hem aksam hem sabahlarimi پیرۆزی بکە هەم ئێوارەکانم، هەم

بەیانیەکانم

O Allah hear my sorrows and my sighs
Have mercy and pardon my sins
Bless my night and days

CHORUS کۆرس

Arabic: عەرەبی

Ya rabbal 'alamin ئەی پەروەردگاری جیهانەکان

Salli 'ala Tahal amin سەلام بنێرە بۆ (تەها)ی دەستپاك

Fi kulli waqtin wa hin لەهەموو کات و ساتێکدا

O Lord of the worlds
Send peace and blessings
On Ta-ha the trustworthy
In every time and at every instant

Imla' qalbi bil yaqin دڵم پڕبکە لە دڵنیایی

Thabbitni 'ala hadhad din جێگیرم بکە لەسەر ئەم دینە

Waghfir li wal muslimin لەمن و مسوڵمانان خۆشبە

Fill my heart with conviction
Make me steadfast on this Religion
And forgive me and all the believers



CamScanner

## Ummi دایە

Blessed is your face پیرۆزە دەموچاوت

Blessed is your name پیرۆزە ناوت

My beloved خۆشەویستم

Blessed is your smile پیرۆزە زەردەخەنەت

Which makes my soul want to fly کەوا لە رۆحم دەکات بفڕێت

My beloved خۆشەویستم

All the nights هەموو شەوەکان

And all the times هەموو کاتەکان

That you cared for me کەچاودێریت کردم

But I never realized it بەڵام من هەرگیز هەستم پێنەکرد

And now it's too late وە ئێستاش زۆر درەنگە

Forgive me بمبەخشە

Now I'm alone filled with so much shame ئێستا تەنیام و پڕم لە پەشیمانی

For all the years I caused you pain بۆ هەموو ئەو ساڵانەی کەبوومە هۆی ئازاردانت

If only I could sleep in your arms again ئای ئەگەر بمتوانیایە دووبارە لەباوەشتا بخەوم

Mother I'm lost without you دایە من ونبووم بەبێ تۆ

You were the sun that brightened my day تۆ ئەو خۆرەبووی کە ڕۆژی منت روناکدەکردەوە

Now who's going to wipe my tears away ئێستا کێ فرمێسکەکانم دەسڕێت

If only I knew what I know today ئەگەر بمزانیایە ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیزانم

Mother I'm lost without you دایە من ونبووم بەبێ تۆ



CamScanner

Ummahu, ummahu, ya ummi دایە، دایە، ئەی دایە

wa shawqahu ila luqyaki ya ummiچەند بەپەرۆشم بۆ بینیت ئەی دایە

Ummuka, ummuka, ummuka ummuka "دایکت، دایکت، دایکت، دایکت"

Qawlu rasulika وتەی پێغەمبەرەکەتە

Fi qalbi, fi hulumi لەدڵمدا، لەخەوەکانمدا

Anti ma'i ya ummi تۆ لەدڵمدای ئەی دایە

Mother... Mother... O my mother
How I long to see O mother
"Your mother, Your mother, Your mother"
Is the saying of your Prophet
In my heart, in my dreams
You are always with me mother

Ruhti wa taraktini رۆیشتیو منت جێهێشت

Ya nura 'aynayya ئەی نوری چاوم

Ya unsa layli ئەی هێمن کەرەوەی شەوەکانم

Ruhti wa taraktini رۆیشتیو منت جێهێشت

Man siwaki yahdhununi کێ، جگە لەتۆ لەئامێزم دەگرێ؟

Man siwaki yasturuni کێ، جگە لەتۆ دامدەپۆشێ؟

Man siwaki yahrusuni کێ جگە لەتۆ پاسەوانیم دەکات؟

‘Afwaki ummi لێمببوورە دایە

Samihini... بمبەخشە

You went and left me
O light of my eyes
O comfort of my nights
You went and left me
Who, other than you, will embrace me?
Who, other than you, will cover me?
Who, other than you, will guard over me?
Your pardon mother, forgive me




CS CamScanner



هانی ئوسامە و سامی یوسف



بەرگی ئەلبومی (ئومەتەکەم)




هانی ئوسامە




دەرهێنانی گۆرانی مامۆستا



میری قەتەرو سامی یوسف



دەرهێنانی گۆرانی ( دایە )



CamScanner



عەمر خالیدو هانی ئوسامەو سامی یوسف و...





سامی یوسف و عەمر خالید





CamScanner




AWAKENING
دەرهێنانی گۆرانی ( دایە )







CamScanner


لەگەڵ ئەم کتێبەدا CDیەك وەربگرە
چاپخانەی شارستان - بازاڕی سەرسیر نزیك بەریدەکە

CamScanner